# کێ خەڵکی سلێمانییە؟

**بەکر ئەحمەد**
baker.ahmed@comhem.se

سوید هینی سویدییەکانە, سوید بە سویدی بهێڵنەوە!"

شیعاری ڕێکخراوی ڕاسیستی: سوید بە سویدی بهێڵنەوە!

"ئێستا خەڵکی کوردستان زۆر بە کەمی ڕوودەکەنە باخچە و پارکەکان, چونکە پڕن لە زرتەبۆزی ئەخلاق زبری عارەبی کە دەنگی زەڕینییان بە زمانە ناخۆشەکەیان ڕۆژەڕییەك دەڕوات و ژن و منداڵی کورد بێزار دەکەن."

وتارێك لە 8ی ئەوگوستیدا لە کوردستانپۆستدا بڵاوکراوەتەوە

*کێ خەڵکی یۆتۆبۆرییە؟*

*ئەوەی لە یۆتۆبۆری لەدایك بووە, یان لە هەر سووچێکی دیکەی دنیادا.*

*پیرەمێردێکی خەڵکی یۆتۆبۆری*

**کۆمەڵگای کوردی, تاقیکردنەوەیەکی ئەوتۆی لە گەڵ ڕاسیزمدا نییە.ئەگەرچی جیاوازییەکی هێند گەورە نییە لە نێوان چەوساندنەوە بەهۆی ئەتنییەت و ڕەگەزەوە . بۆیەش بۆ خەڵکی کوردستان, تەواوی ئەو میکانیزمانەی کە ڕاسیزم لەسەری کاردەکات, لە دۆخی ستەمی میللی سەر ئەواندا , هەستپێکراو و شاراوە نەبووە. واتا هەندێك لە وپراکتیکە جیاوازانەی کە بەرانبەر خەڵکی کوردستاندا ئەنجامدراوە, دەچێتە خانەی هەمان پراکتیکی ڕاسیستییەوە, بەڵام ئێمە بە پراکتیکێکی ڕاسیستیمان ناو نەبردووە.**
**بەڵام ئەمە بەڵگەی ئەوە نییە کە کۆمەڵگای ئێمە خاڵییە لە ڕاسیزم و دژایەتی غەریبان. مامەڵەی خراپ و گاڵتەکردن بە "لادێی" و "خەڵکی شارانی دی", هیچ نییە جگە لە پرۆسەی لە پەراوێزەوەخستنی ئەو "نامۆ"یانەی کە سەر بە گروپی خۆ نین. ڕاسیزمیش لە مانا تایبەتییەکەی خۆیدا, پاش دووبارە خۆ پێناسەکردنەوە و کارکردن لەسەر کۆمەڵێك شتی دی کە پەیوەندی بە ڕەگەزی بایۆلۆژیوە نییە لەمڕۆدا, هیچ شتێك نییە جگە لە ئایدیۆلۆژییەك بۆ پەراوێزخستن و تەنانەت لە ناوبردنی گروپێکی دیاریکراو بۆ دەستڕانەگەیشتن بە کۆمەڵێك ئیمکاناتی مادی و مەعنەویدا.**
**بەڵام جێگاوڕێگا و بەهرەمەندبوونی "نامۆکان" لە پارسەنگێکی هێزی گەورەتر, ئاڵوگۆڕێکی بنەڕەتی بەسەر پەیوەندی گروپە جیاوازەکاندا دەهێنێت. لە بەرانبەر شەپۆلی ئاوارەی هاوڵاتییانی عەرەبی شارەکانی دیکەی عێراقدا, کە ئێستا ڕوویان لە شارەکانی کوردستان کردووە و خانووبەرەدەکڕن, گریمان گروپێکی دیکەی ئەمریکی یان ئەڵمانیە ئەو کارە دەکات. کاردانەوەکان چۆن دەبوون؟**

**هاوڵاتی لە بەدواچوونێکیدا کە لە لایەن ٍشیراز ڕەئوفەوە ئەنجامدراوە, دەنووسێ:" 13٪ سلێمانی بووە بە شارێکی عەرەبی"(1), بەڵام ئەگەر ئەمریکییەکانماڵی شارەکانی کوردستانیان بکڕییایە, نەغمەی ڕەخنەکان چۆن دەبوون. ؟ ڕۆژنامەی هاوڵاتی , بۆ بە دواچوونی "ئەم مەترسییە گەورەیە" دەنووسێ:" نیگەرانی هاوڵاتییە کوردەکان لە زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی عەرەبەکان , تەنها لەوەدا نییە کە بوونەتە سەربارێکی تر بۆ گرفتی نیشتەجێبوون لە شارەکانیاندا , بەڵکو بە هۆکارێکی سەرەکیشییان دەزانن بۆ ئەو بێکارییە زۆرەی کوردستانی گرتۆتەوە." بۆیە هاوڵاتی هەندێك لە شارەزایانی ئەم بوارە دەهێنێتە گۆ:" بە تێڕوانینی پسپۆرانی بواری ئابووری, بوونی سەرمایە و دەستی کاری عارەب لە کوردستاندا, مەترسییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئابووری کوردستان و بوون بە هاوبەشی مافەکانی کورد لە کوردستاندا"**
**لەسەر هەمان نەغمەی " کوردستان تەنها موڵکی کوردە", ئەم بە دواچوونە لەگەڵ پسپۆڕان و ئابووریناسانی زانکۆی سلێمانیدا, درێژەی دەبێت و هاوڵاتی لە**

زمانی د. نەرمین مەعرووفەوە, لە پەیوەند بە کڕینی موڵك و ماڵ لەلایەن ئەو عەرەبانەوە,

دەنووسێ:" بەم کارە ئەوان دەبنە شەریکی هەموو خزمەتگوزارییەك و دەبنە هۆی کەمبوونەوەی خزمەتگوزارییەکان لە کوردستاندا"

بێننە بەرچاو, ئەم ڕیپۆرتاژە لە سویدا ئەنجامدەدرێت و ئەو :" زرتەبۆزە ئەخلاق زبرانەی کە دەنگی زەڕینییان بە زمانە ناخۆشەکەیان ڕۆژەڕییەك دەڕوات و ژن و منداڵی سویدی بێزاردەکەن, " ئەو کوڕو کچە کوردانەن کە لەم وڵاتەدا نیشتەجێن و بە زمانێکی جیاوازتری غەیری سویدی لە شەقامەکاندا دەپەیڤن, ئەمە چ کاردانەوەیەکی لە ناو هاوڵاتییانی سوید و مێدییای سوییدا بەرپادەکرد. ؟

بە پێی ڕوونکردنەوەی بەڕێز محەمەد حسێن لە سایتی دەنگەکاندا( 2 ): " ئەو بۆچوونانەی لە بارەی عەرەبە ئاوارەکانی کوردستانەوە دەبیسترێن, هەر لە سەرەتاوە ئەو راستییە نیشاندەدات کە کۆمەڵگای ئێمە هیچ پێشینەیەکی نییە لە پەنادانی ئاوارەی میللەتان و وڵاتانی تردا. بەڵکو ئێمە لە ڕابردوودا تەنها ئاوارەبوونمان ئەزموونکردووە نەك داڵدەدان." بە بڕوای من, ڕاستیگەلێکی زۆر لەم دەربڕینەدا ئامادەیی هەیە, بەڵام تەواوی ڕاستییەکەش نییە. چونکە کاتێك ژمارەی سەدان هەزار سەربازی عەرەبزمانی ناوچەکانی دیکەی عێراق لە ڕاپەڕیندا دەکەونە دەست جەماوەری کوردستان, ئەوا ئاستی تۆلێرانس و تێڕوانینی ئینساندۆستانەی خەڵکی کوردستانمان بۆ دەردەکەوێت. ئەوسا بۆمان ڕووندەبێتەوە کە لە کولتوری زۆرینەی خەڵکی کوردستاندا, بە عەرەبی پەیڤین, یەکسان نەدەکرایەوە بە بەعسی بوون و داگیرکەر بوون. بە بڕوای من, تا ئێستاش بۆ زۆربەی خەڵکی کوردستان, ئەم دیدە ئینساندۆستە بە جۆرێك بەهێزە. ئەو تێڕوانینەی کە لە وتاری هاوڵاتی و ڕۆژنامە جۆراوجۆرەکانی دیکەی کوردستاندا دەمدەکاتەوە بە تایبەت لە پەیوەند بەم پرسیارەدا, تێڕوانیی ڕەوتێکی فاشیستی ناو ناسیونالیزمی کوردە, کە گلەیی و گازندەکانی لەدەسەڵاتی ناسیونالیزمی ڕەسمی , دەمی پێکردۆتەوە و گەندەڵییەکانی ئەم دەسەڵاتە, ئیلهامبەخشی زیندوومانەوەیەتی. بە کورتییەکەی, ئەمە ڕووە دڕندەکەی ناو ناسیونالیزمی کوردە کە لە کاتی بەهێزبوون و توانا پەیداکردندا, لە سەر " السلام علیکم" بە زمانی عەرەبی, سەردەپەڕێنێت . بەڵام گەشەکردنی ئەم ڕەوتە پۆپۆلیستییە , کۆمەڵێك تایبەتی لۆکاڵی و جیهانی هەیە کە دەبێت ئاماژەی پێبدرێت.

یەکەم . ئەم ڕەوتە لە ئاستی کۆمەڵایتیدا لە ناو جەماوەرەوە سەری دەرنەهێناوە. بەڵکە لە قەڵەم و زەینی ڕوناکبیران و ڕۆژنامەنوسانەوە دەنگهەڵدەبڕێ و دروستدەکرێ. واتا دروستکراوێکی کۆمەڵایەتییە وەك پرۆسەی دروستکردنی نەتەوە, ڕەگەز, موسوڵمانبوون. ئەم تێڕوانینە ئەنتی "عارەب"بیە, لە ئێستادا لە ئاستی گوێزرانەوەیدایە بۆناو کۆمەڵانی خەڵك و کوشندەکردنی دیدی ئەو کەسانەی کە بە شوێن ڕونکردنەوە و وەڵامێکی سادەوەن بۆ پرسیارە ئاڵۆزەکان. کرێچێتی من, هۆکارەکەی عەرەبەکانە, لە کاتێکدا ئەزمەی نیشتەجێبوون, بە نەبوونی هاوڵاتییانی عەرەبیش, هەر وەك خۆیەتی, بەڵام ئەم دیدە, وێنەی دوژمنێکی ئامادە دەداتە دەست.

دووەم. ئەو کەش و هەوا کولتوری, کۆمەڵایەتیی, سیاسییەی کە ئەم تێڕوانینە تیایدا زەمینەی لەباری بۆ دەرەخسێت بۆ زیاتر کۆمەڵایەتی بوون, ئەو چوارچێوە یە کە نەبوونی خزمەتگوزارییە کۆمەڵایەتییەکان لە کوردستاندا فەراهامی کردووە. گەشەی ڕێکخراوە ڕاسیست و دژە پەنابەرەکانی ئەمڕۆی ئەوروپا, بە هەموو ئەو باڵانەوەی بە ڕاستی توندڕەو دەناسرێن, ئەو سیاسەتی "تەقەشوف"ەیە کە چەپ و ڕاستی دەسەلات بەدەستەوەگرتوو, لە کەمکردنەوەی خزمەتگوزارییەکانی دەوڵەتی ڕیفاهەوە دەستییان پێکردوو و ڕاستی توندڕەویش وەك زەمینەیەك بۆ گەشەکردنی خۆی, ئاماژەی پێدەدات. بۆ پیرەژنێکی فەڕەنسی کە ئاستی خانەنشینییەکەی هێنراوەتە خوار, ئاسانتر قبوڵی کەمکردنەوەی بیمەکەی دەکات کاتێك "لیپێن"ی فەڕەنسا دەڵێت:" گەر پەنابەران لێرە نەبوونایە, ئێوە باشتر دەژیان" بە کوردییەکەی, کاتێك ئەمیرە مەجیدی تەمەن 58 ساڵەی خەڵکی کانێسکانی سلێمانی دەڵێ:" هەموو ڕۆژێك خاوەنی خانووەکە دێتە سەر مان و دەڵێ یان کرێکەم بۆ بکەن بە شەست سەد هەزار یان چۆڵی بکەن. چونکە عەرەب بە 750 هەزاریش دەیەوێت", هەر هەمان بەڵگە دووپاتدەکاتەوە کە ڕاستێکی توندڕەوی فەڕەنسی دەیڵێت بۆ دۆزینەوەی تاوانبارێك و هەڵواسینی هەموو ئەم نەهامەتییانەی خۆ, بە گەردنی ئەودا.

بە کورتی, ئەو ناڕەزایەتییە بەرینەی لە بەرانبەر دەسەڵاتی ڕەسمی کۆمەڵگا و کەموکوڕییەکانی ئەودا هەیە, ئەگەر وەڵامی پێنەدرێتەوە , دەکرێ پۆپۆلیزم و لایەنگراتی ئەم ڕەوتە , ببنە دەمڕاستی و هەستی خەڵکانێکی زۆر بەدوای داخوازییەکانیاندا هەڵبخرێنن. ئەم پرۆسەیە بە تەواوەتی لە ئەوروپادا لە گەڕدایە و وڵات لە دوای وڵاتی ئەوروپی, هێزی ڕێکخراوی پۆپۆلیستی خۆی دەداتەدەر. لە کوردستانیشدا, ئەم ڕەوتە, لە کۆمەڵێك ڕوناکبیر و ڕۆژنامە و سایتی ئەنتەرنێتیدا وەك تۆڕێکی هێشتاکە خۆ ڕێکنەخستوو کاردەکات. دروستبوون و گەشەکردنی ئەم ڕەوتە فاشیستییە لە ئەوروپا و لە کوردستاندا, لەسەر زەمینەی پڕکردنەوەی ئەو کەلێنانەن کە دەسەڵات لە بەرانبەریدا قسەیەکی نییە و چەپی کۆمەڵگاش , لە دۆخی کوردستاندا, زۆر بێدەنگتر دێتە بەرگوێ وەك لە ئەوروپادا.

سێیەم. ئەم تێڕوانینە و ڕەوتەکانی سەر بەم بزووتنەوەیە لە کوردستان و لە دەرەوە، جیاوازییەکی سەیریيان هەیە. لە ئەوروپادا، ئەم ڕەوتانە بە راستی توندڕەو دەناسرێن و لە باری ئایدیۆلۆژییەوە، درێژکراوەی ئەو باڵە نازیستی و ڕاسیستییەیە مێژوویەیە کە ئەمڕۆ لە ژێر پەرچەمێکی دیکەی دەرەوەی گوتارە کۆنە ڕاسیستییەکاندا، درێژەبە ژیانی خۆی دەدات.
بەڵام لە کوردستاندا، ئەم ڕەوتە لە سەنگەرێکی دژی ئایدیۆلۆژیی دەسەڵاتی ناسیونالیزمی کوردییەوە دەنگهەڵنابرێت. بەڵکو تەواوی سەرمایە کولتوری و سیمبولییەکانی نەتەوە و ناسیونالیزمی قبوڵە و تەنها دژی سیمبوڵە حزبیەکانی ناسیونالیزمی ڕەسمییە. لە دەورانە چارەنووسسازەکاندا، باوەشدەکاتەوە بە پەیکەرەی ناسیونالیزم و دەسەڵاتەکەیدا و هاوکاتیش لە زەمەنی کەمبوونەوەی تەنگەژە سیاسییەکاندا، دەبێتەوە بە ئۆپۆزسیۆنی دەسەڵات. بەڵام ئۆپۆزسیۆنبوونەکەی بۆ خواستەکانی جەماوەر نییە لە پلەی یەکەمدا، بەڵکو بۆ بە دڕندەترکردن و تەنانەت بەهێزکردنی خودی ناسیونالیزمی کوردە. گلەییەکانی لە ناسیونالیزمی ڕەسمی لەوەدایە: بۆ کوردایەتییەکی باشترناکات؟

لە هەفتەی دژی ڕاسیزمدا لە سوید، لە پیرەمێردێکی شاری یۆتۆبۆری دەپرسن: " بە بڕوای تۆ، کێ خەڵکی یۆتۆبۆرییە؟" ئەو لە وەڵامدا دەڵێ:" ئەو کەسە خەڵکی یۆتۆبۆرییە کە لە شاری یۆتۆبۆریدا لە دایکبووە". پاش کەمێك وەستان، درێژە بە وەڵامەکەی خۆی دەدات و
بەردەوامدەبێت:" یان لە هەر سووچێکی دیکەی دنیادا."
بە لێدانی دووبەشی وەڵامەکە: ئەو کەسە خەڵکی یۆتۆبۆرییە کە لە شاری یۆتۆبۆریدا لە دایکبووە یان لە هەر سووچێکی دیکەی دنیادا.
بەڵام سەرنجدانێکی بەشی یەکەمی وەڵامی پرسیارەکە، واتا" :" ئەو کەسە خەڵکی یۆتۆبۆرییە کە لە شاری یۆتۆبۆریدا لە دایکبووە"، بە بێ بیستنی درێژەی وەڵام، بە مانای کردنەدەرەوەی سەدەها هەزار ئینسانی دیکەی ئەمڕۆی سەر زەمینە کە لە سویددا گیرساونەتەوە و بێبەشکردنی ئەوانە لەو پێکەوەژیانییەی ئەمڕۆیان لەم وڵاتەدا. یۆتۆبۆری بە تەنها شاری ئەوانەیە کە تیایدا لەدایکبوون ، بە مانایەکی دی، دەبێتە پەیامی:" سوید بە سویدی بهێڵنەوە." ئەم جۆرە وەڵامدانەوەیە، ڕێك وەڵامدەرەوە دەخاتە ناو گوتارێکی تەواو ڕاسیستییەوە . بەڵام بەشی دووەمی وەڵامەکە، هێندە باوەشێکی فراواندەکاتەوە، کە ئیدی هیچ نامۆیەك خۆی بە غەریب نازانێ لەم تێڕوانینەدا.

بەڵام گەمەکردن بەم پرسیار و وەلامە لە کۆنتێکستێکی کوردیدا، بەوەی کێ خەڵکی سلێمانییە، ئەوا وەڵامی ئەوەی کە :" نیگەرانی هاوڵاتییە کوردەکان لە زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی عەرەبەکان ، تەنها لەوەدا نییە کە بوونەتە سەربارێکی تر بۆ گرفتی نیشتەجێبوون لە شارەکانیاندا ، بەڵکو بە هۆکارێکی سەرەکیشییان دەزانن بۆ ئەو بێکارییە زۆرەی کوردستانی گرتۆتەوە." ، ئەم وەڵامە دەچێتە خانەی ئەوەوەی کە : ئەوە خەڵکی سلێمانییە(کوردستانە ) کە لە سلێمانیدا( کوردستاندا ) لە دایکبووە. هەر بۆیەش کارێکی هێند دژوار نییە کە بەکارهێنانی دەستەواژەی " هاوڵاتییە کوردەکان" لە بەرانبەر "عەرەبەکاندا" بەکار ببرێت و دەربڕینی "هاوڵاتی" وەك پێشگرێك بۆ "عەرەبەکان"بە هیچ جۆرێك نەبینرێت. بە زمانێکی دی، ماف لە کوردستاندا، بە تەنها هی هاوڵاتییە کوردەکانە. بەڵام لێکردنەوەی دەربڕینی "هاوڵاتی" لە "عەرەبەکان"، کارێکی هەروا لە خۆڕا نییە. واتا بە تەنها زادەی هەڵەیەکی چاپ و بەسەردا تێپەڕینی نووسەر نییە، بەڵکو دەرئە نجامی سیستەمی بیرکردنەوەیەکە کە ماف و ئینتیمای هاوڵاتییان بۆ بەهرەمەندبوون لە مافەکانیان، دەبەستێتەوە بە ئینتیمای ئەتنییانەوە. هەر بۆیە ئەم دەربڕینەی خوارەوە، هیچ کەسێك توشی شۆك ناکات کاتێك:" بە تێڕوانینی پسپۆرانی بواری ئابووری، بوونی سەرمایە و دەستی کاری عارەب لە کوردستاندا، مەترسییەکی گەورەی هەیە لەسەر ئابووری کوردستان و بوون بە هاوبەشی مافەکانی کورد لە کوردستاندا"
کەواتە کەسێك نابێتە خەڵکی سلێمانی، کوردستان، ئەگەر لە سلێمانیدا( کوردستان )دا لە دایك نەبوو بێت. هەر بۆیە عەرەب دەبێ مامەڵەی ئەو گیاکەڵانەیان لەگەڵدا بکرێت کە دەبێ بژاربکرێن و ئەم وڵاتەیان لێپاکبکرێتەوە. لێسەندنەوەی مافی "هاوڵاتیبوون" لە کەسێك لە مێژوودا، چارەنووسی خەڵکی کوردستان و جووی زەمەنی نازیزمی ئەڵمانی و ئەرمەنی زەمەنی دەوڵەتی عوسمانی لێدەکەوێتەوە. ئەمە ئەو پەیامە سادەیەیە کە چیرۆکی " 13٪ سلێمانی بووە بە شارێکی عەرەبی" دەیەوێ بە گوێماندا بدات و کاتێك ماتریاڵە ئینسانییەکەی ئەم بزووتنەوەیەی کە ئەم جۆرە بیرکردنەوەیەی هەیە بۆ ئینسان گەورەتر بوو، دەکرێ سەرگوزشتەی دڵتەزێنی گەورە ببیستین.
لە کۆتایدا، ئەگەر دیدی : ئەوە خەڵکی یوتۆبۆرییە کە لە یۆتۆبۆریدا لە دایك بووە، تێڕوانینی زاڵی ئەمڕۆکەی کۆمەڵگای سوید بوایە، ئەوا لانی کەم، لە پاڵ شەهیدەکانی ڕێگای ڕزگاری کوردستاندا، گۆڕستانێکی کوردانەی شەهیدان لە شارەکانی سوێددا بۆ کوردە پەنابەرەکانی ئەم وڵاتە دەمێك بوو هەبوو. بەڵام بەوەی کە ئینتیمای هاولاتی بوون هێشتاکە ئیلهام لەم دەربڕینەوە وەردەگرێت: ئەوەش خەڵکی یۆتۆبۆرییە کە لە هەر سوچێکی دیکەی دنیادا لە دایك

بووە, خەبەر لە گۆڕستانێکی لەو چەشنە نییە. بەڵام بە ڕاستی: کێ خەڵکی سلێمانییە؟

سەرچاوەکان:


1. هاوڵاتی ژ 341 ڕێکەوتی 29ی تەموزی 2007
2. عەرەبە ئاوارەکانمان لێمەکە فۆبیا محەمەد حسین سایتی دەنگەکان
http://www.dengekan.com/doc/2007/8/mhamadHusen11.pdf